# گوێم لە ترپەی لێدانی دڵتە

پۆلا سەعید

پەنجەکانمان لە قەدی یەکدی ئالاون
لێوەکانمان وەک پەروانە و گوڵ
شەلاڵی ئەوینێکی بەهارە و سەوزین
وەک دوو کەڵەپشکۆی دڵدار
لە باوەشی یەکدیدا هەڵکراوین،
چیی هەیە لە ئەویین جوانتر؟
کام پەڵەی سەرەبەهار هەیە
وەک شەستە و ڕەهێڵەی ماچی دوو دڵدار
بە سالاو و شاسەتر؟
ئێستانێ لە شەلاڵی ئەم ئەوینەدا
لە گەمە و دەستبازیی ئەم دەست لە ملانێیەدا
سەرم نێوەتە سەرسینەی تەڕت
گوێم لە ترپەی لێدانی دڵتە
لە لام وایە قوڵنگێکیت دەگەڕێم بۆ وردەخاڵی سەرگوڵی
پڕ بە پەڕت،
چەند ئارامم لە بێشەی سینەتا
کۆرپەیەکی چەند دڵنیيا و
گۆرانییەکی چەند بە نۆتەم لە هەڵکێشانی هەناسە و
ترپەی لێدانی دڵتا،
دە بمگووشە توند توند بەخۆتەوە
بمکە بە چکەیەک ئۆکسجینی ئەوین و
هەڵمبمژە نێو تاڤگەی سییەکانتەوە،
لە گلێنەی چاوەکانمدا هەڵمگرتوویت
سەرم نێوەتە سەرسینەت و
وەکوو جەرگم لە باوەشم گرتوویت،
گوێم لە ترپەی لێدانی دڵتە
گوێم لە مۆسیقای هەناسەکانت و
چاوم لە هەڵهێنانەوەی پێکانی ئۆرگازمتە،
09.08.04